# ئەمجار گەندەڵیی نووسەران نەک بەرپرسان

سەباح ئیسماعیل

زۆرمان لە بارەی گەندەڵیی بەرپرسانی ئیداری و حزبییەوە بیست، کە چۆن سیاسییەکانی دوێنێ گەورە سەرمایەداری ئەمڕۆن و پۆستەکانیشیان ئامرازێکی بەرهەمهێنانن بۆ کەڵەکە کردنی نایاسایی سەرمایەی ئابووری. ئەوەی لەبارەی بەرپرسانی کوردەوە باس دەکرێت، بەڕاستی تا ڕادەی حاشاکردن لە سەرتاپای نەتەوەیەک، مایەی شەرمە. هەر ئەم گەندەڵییەش کوردستانی بوونی کەرکووک و دروستبوونی دەوڵەتی کوردی و یەکگرتنەوەی چوار پارچەکەی کوردستانی گەورەی لای هەمووان کاڵکردۆتەوە. با تاوێک لە گەندەڵی بەرپرسان بگەڕێین، کە بووەتە عادەت و دابونەریت، تا ئەو ڕادەیەی بووەتە شتێکی ئاسایی و سروشتی. هیچ ئومێدێک بۆ چاکبوونەوەیان لێناکرێ و ئەگەر خراپتر نەبن باشتریش نابن، چونکە لێپرسینەوەو سزادانیان لەسەر نییە و پەتای گەندەڵییان تۆتالیتارییە و خەریکە هەموو کۆمەڵگە دەگرێتەوە. با بۆ چەند ساتێک خۆمانیان لێ نەبان بکەین و گوێ بۆ گەندەڵیی توێژی نووسەران و ڕۆژنامەنووسان و دەزگا کلتوورییەکان ڕادێرین. وەلێ لە هەمووان تکام وایە تووشی شۆک و هێدمەو بێ ئومێدی نەبن و بۆ یەکجاری دەست لە خوێندنەوەو نووسین هەڵنەگرن، چونکە بایی ئەوەندە کەسانی باشیان تێدا دەبینرێنەوە. زۆربەی هەرەزۆری نووسەران و ڕۆژنامەنووسان هەند خەمی خۆیان و پارەو ناوگەڵیانە، نیوئەوەندە لە نووسیندا خەمی خەڵک و نووسین و تەکنیک و لایەنی هونەرییان نییە.

ئەوانیش بەڕێوەبەری فەرمانگەکان ئاسا، بۆ ئەوە ناچنە ناو حزبەوە تا فێری فکربن و ببنە ڕۆشنبیر، ناشچنە حزبەوە تا بەرگری لە شتێک بکەن، بەڵکو بۆ ئەوە دەچنە دیوەخانی حزبەوە تا حزب هەمیشە پشت و پەنایان بێ و بەرگرییان لێ بکا و دەرفەتی بەرزبوونەوەو دەوڵەمەند بوونیان بۆ بخوڵقێنێ. نووسەرانێک هەن بەناوی دەقئاوێزانەوە بەرهەمی یەکدی دەدزن و گۆڕانکارییەکی کەمی بەسەردا دەهێنن و بەناوی خۆیانەوە بڵاوی دەکەنەوە. نووسەریش هەیە کتێب لە زمانێکی بیانیی وەک (ئینگلیزی و فەڕەنسی و ئەڵمانی و تورکی و.....)ەوە وەردەگێڕێت، بێ ئەوەی بتوانێ ڕستەیەک بە یەکێ لەو زمانانە قسە بکات. نووسەری واشمان هەس بە یەک کورتە چیرۆک خۆی کردۆتە ئەندامی کارای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و هی واش هەس پێشتر ئەندامی ڕۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی بووە، کەچی سەرەڕای ئەوەی هەموو مەرجەکانی بەئەندامبوونی بڕیوە لەبەر ئەوەی بێ پشت و پەنایە لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بەئەندام وەرنەگیراوە، هی واشمان هەیە دان بە نووسینی کەسی دیدا نانێ و بەردەوام هێڵی ڕاست و چەپ بەسەر نووسینی کەسانی دیدا دەهێنێ و خۆی بە شای نووسەران دەزانێ، بەو بەهانەیەی زۆرترین ژمارەی کتێبی بەچاپ گەیاندووە، بێ ئاگا لەوەی لە سۆنگەی بەدڕەفتاری و جیقڵدانە تەنگییەوە، حسێبی پاسەوانی دەرباری

ئەدەبیان بۆ نەکردووە.
نووسەریشمان هەیە، کە دەچێتە لای هێند موجامەلەی خۆت و ستایشی نووسینەکانت دەکات، خۆت لێ دەبێتە پۆشکین و دەستەیڤسکی و بەختیار عەلی! کە بەجێشی دێلێت، بە نووسەری گومناوو نا نووسەرو نەخوێندەوارت لەقەڵەم دەدات.
ناکرێ ئەو شاعیرە ئاکار جاڵجاڵۆکەییانە لەبیر بکرێت، کە رایەڵی شیعرەکانیان دەکەن بەداوی جاڵجاڵۆکە تا نێچیری ئافرەتی پێوە بلکێ و ڕاوی بکەن.
نووسەریش هەن نووسینەکانیان دەبەن بۆ لای شارەزایەک لە بواری زماندا، تا نووسینەکانیان بۆ پڕبکات لە وشەێلی بەقەولی خۆیان ڕۆشنبیرانەتری وەک (ترادسیۆن، دیفاکتۆ، ئاکت، سپانسۆر، ئەپستمۆلۆژی، پارادۆکس)، چونکە ئەم زاراوانە کەم کەس تێیان دەگاو بە حیسابی خۆیان بەکارهێنانیان گەورەیی و زیرەکیی نووسەرەکە لای خوێنەر دەسەلمێنێت. ڕۆژنامەنووسی بەهرەداری واشم بینیوە، چاوپێکەوتن تەنیا لەگەڵ ئەو بەرپرسانەدا دەکات، کە تروسکەی بەرژەوەندی و قازانجێک لە پشت دیمانەکەوە بەدی دەکات، یاخود ئیشی لە کام فەرمانگە وەستابێت، ئەوا بۆ ڕایی کردنی ئیشەکەی خۆی دەچێ چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێوەبەرەکەیدا دەکات، سەیرەکە لەوەدایە هەندێ جار ئەگەر زوو ئیشەکەی بۆ ڕاپەڕێنن، ئەوا چاوپێکەوتنەکە بڵاوناکاتەوە، ئنجا بەڕێوەبەرەکە بەدوای ئەودا ڕادەکات. نووسەری واشمان هەیە، چەند کتێبێکیان بەچاپ گەیاندووە، وەلێ ئەگەر شەو و ڕۆژێک دایبنێی و داوای نووسینی وتارێکی لێ بکەیت، ئەوا کاغەزەکەت بە سپێتی بۆ دەگێڕێتەوە و پێی نانووسرێت.
بڕوابکەن نووسەرو ئەدیب هەن قسەی ئاسایی نازانن، لە دانیشتنەکانا باس لە هەموو شت دەکەن تەنیا ئەدەب نەبێت. نووسەرمان هەن...و...، نووسەرێلیشمان هەن..... بۆ ئەوەی قسەکانم کەس نەگرێتەوەو تایبەت نەبێت بەکەسەوە، با لێرەوە بیبڕمەوە. با هەمووان بەخۆدا بچینەوە، چونکە گەندەڵیی بەرپرسان پەرەی بە تیرۆر دا، داخۆ گەندەڵیی نووسەران و ڕۆژنامەنووسان چی دێنێتە کایەوە؟!!